دەسەڵاتی دادوەری پابەندبوونی تەواوی خۆی بە دەستبەرکردنی بەگەردی و شەفافیەتی پرۆسەی هەڵبژاردن دووپاتدەکاتەوە

ئەمە پێنجشەممە، ئەنجومەنی باڵای دادوەری جەختی لە ئامادەیی و پابەندبوونی تەواو کردەوە بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی لە دەستوور و یاسادا، بە مسۆگەرکردنی بەگەردی و شەفافیەتی پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەموو قۆناغەکانیدا.

لە ڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبەع کەوتووە،تیایدا هاتووە، ئەنجومەنی باڵای دادوەری ڕایگەیاند: "ئەنجومەنی باڵای دادوەری ئەمە بەیانی چواردەهەمین دانیشتنی خۆی بە سەرکایەتی سەرکی دادگای فیدراڵی، فائیق زێدان، ئەنجامدا، و لە میانی دانیشتنەکەدا ژمارەیەک دادوەر و ئەندامی داواکاری گشتی پلەی بەرزکرایەوە، جگە لە گواستنەوە و نوێنرایەتی و پێدانی پێستی دادوەری کە پێویستە بە پێدانی ڕەکخستنەوە لە هەندێک سەرکایەتی تەهڕەچوونەوە، بە پشتبەستن بە پێداویستییەکانی بەرژەوەندی گشتی".

ئەنجومەنەکە "سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی سەرکی داواکاری گشتی، نەجم عەبدوڵا ئەحمەد و سەرکی دەستەی چاودێری دادوەری، لەیس جەبر حەمزە و چاودێرانی دادوەری، ناسر سەعدون زاجی و حوسام عەبدولئەمیر موحسین و عادل خدر عەباس و بەشار جەبار خەشیش و عەلی ئەنوەر دەف کرد، بە هەوڵکانیان و ڕۆڵی چاودێری مەیدانییان لە دادگاکانی تەهڕەچوونەوە، هەروەها ئەنجومەنەکە سوپاس و پێزانینی خۆی

ئاراستەی سەرەکی دادگای تەهەچوونەوەی بەسرە، عادل عەبدولڕەزاق عەباس و سەرەکی دادگای تەهەچوونەوەی نەجەف، حەسەن سودی حەسەن و سەرەکی دادگای تەهەچوونەوەی زیقار، عەلی عەبدولغەنی جەلاب کرد، بە هەوەکانیان لە پەرەپەدانی بیناکانی دادگاکانی تەهەچوونەوەی سەر بە خەیان".

لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە، "لەسەر بنەمای هەوەکانی ئەنجومەنی باڵای دادوەری بە هاوکاریکردنی پەرەپەدانی تەکنەلەجی و کەمکردنەوەی بارگرانی لەسەر هاوڵاتیان، ئەنجومەنەکە بڕیاریدا میکانیزمەکی نوێ پەسەند بکات بە پێشکەشکردنی داواکارییەکانی دووبارە لەکەینەوە و دادگاییکردن بە لیژنە دادوەرییە تایبەتمەندەکان بە جێبەجێکردنی بڕگەکانی یاسای لێبوردن ژمارە (27)ی ساڵی 2016ی هەموارکراو بە یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2025 لەو پارێزگایانەی کە دادگاییکردن تیایاندا لە سەرەتاوە ئەنجامدراوە".

ڕوونیشیکردەوە، "ئەم لیژنانە داوای دەسپێکانی سکاڵا لەو دادگایانە دەکەن کە سکاڵاکانیان بە گوازراوەتەوە و لەکەینەوەیان لەدەکەن و ئاراستەی ئەو دادگایانەیان دەکەن کە لە سەرەتاوە بڕیارەکەیان دەرکردووە بە دووبارە دادگاییکردن بە بەکارهێنانی تەکنەلەجیای (ڤیدیۆ کۆنفرانس)، ئەمەش ڕێگە بە سزادراوان دەدات لە دامەزراوە چاکسازییەکاندا بمێننەوە لە کاتی دانیشتنەکانی دادگاییکردندا".

سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران کە بڕیارە لە 11ی تشرینی دووەمی 2025 بەڕێوەبچێت، ئەنجومەنی باڵای دادوەری، بەپێی ڕاگەیەنراوەکە، جەختی لە "ئامادەیی و پابەندبوونی تەواو" کردەوە بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی لە دەستوور و یاسادا، بە مسۆگەرکردنی پاکێتی و شەفافییەتی پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەموو قۆناغەکانیدا، بە ئەوەی دادگا وەک قەڵغانێکی پتەو بە ئیرادەی گەل و هاوبەشێکی سەرەکی لە بەهێزکردنی دیموکراسی و گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە بمێنێتەوە